# ناسیۆنالیزم و نووسینی مێژوویی کوردی

د. عەباس وەلی

وەرگێر:ڕێبوار

هیچ ئایدیۆلۆژیایەک هێندەی ناسیۆنالیزم پێویستی بە مێژوو نییە. مێژوو لە ریوایەتی رۆمانتیکی و دروستەی مەفهومیی جەوهەرگەرایانەی ناسیۆنالیزم و بانگەشەی وێرانکارانەی {ئەم ئایدیۆلۆژیایە} بۆ حەقیقەت جیاناکرێتەوە. گوتاری ناسیۆنالیستی گوتارێکی مێژووگەرایانەیە. ئەم گوتارە لەپێناو دەستەبەرکردنی مەشروعییەتی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی پشت بە رەچەڵەکناسی دەبەستێت، هەروەها بۆ سەلماندنی خود و رەتکردنەوەی ئەویتر پەنا بۆ بەمێژوویی کردنی ئەسڵی نەتەوەیی دەبات. بەڵام مێژوو خاڵی لاوازی ناسیۆنالیزمیشە. گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیزم بە بەردەوامی لە لایەن مێژوونووسەکانەوە تاوانبار دەکرێت بەوەی حەقیقەت دەشێوێنێت، هەروەها تۆمەتبار دەکرێت بەوەی حەقیقەتی مێژوویی پێکهێنانی نەتەوە و دەوڵەت ـ نەتەوە بە هەڵە دەنوێنێت. مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکان بە سابجێکتیڤ بوون، دەمارگیر و ئایدیۆلۆژی بوون تۆمەتبار دەکرێن، ئەم تۆمەتانەش لە لایەن مێژوونووسە "ئۆبجێکتیڤ"ەکان و بە قسە نا ـ ئایدیۆلۆژییەکان دەدرێتە پاڵ مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکان، لە کاتێکدا خۆیشیان لە ڕێگەی بژارکردن و هەندێکجار داهێنانی بابەتی مێژوویی و بە مێژووی کردنی بیر و بۆچوونی خۆیان روایەتی مێژوویی دەخوڵقێنن. هەموو ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ مێژوونووسی ناسیۆنالیستی (Nationalist Historiography) پەیوەستن بە مەعریفەناسی(Epistemology)ی مێژوونووسی ئەزموونگەرایانە (Historiography Empiricist)، {لە لایەکی ترەوە} بێگومان هەر مێژوونووسییەک، کە پەیوەستە بە دەرهێنانی حەقیقەت لە کۆمەڵێک فاکتی دیاریکراو، لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە ئەم فاکتانە لەگەڵ ئەو راستییەی ئەوان ئاماژەی پێدەدەن یەکن، خۆی ئەزموونگەرایە. ئەمەش هێندەی هەڵەکانی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی راستە.

تێبینییە رەخنەییەکان لەسەر دروستکردنی مێژوو لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە، دوو بەرگریمانە لە خۆدەگرێت: یەکەم، ناسیۆنالیستەکان مێژووی خۆیان بە هەڵەدەنوێنن، تێبینی دووەم ئەوەیە کە بەهەڵەنواندنی مێژووی نەتەوە پێویستییەکی جەوهەری ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمە. ئێرنێست رینان لە یەکێک لە وتەکانیدا، کە بەزۆری دەهێنرێتەوە و بە یەکەمین وتەکان سەبارەت بە سروشتی نەتەوە و ناسیۆنالیزم دادەنرێت، هەموو ئەو خاڵانە کورتدەکاتەوە "وەرکرتنی مێژووی خۆ بە هەڵە بەشێکە لەوە نەتەوەبوون." ئەم وتە وردەی رینان هەر لەسەرەتاوە، لە زنجیرەکی بەرچاو لە لێکدانەوەی مێژوویی و سیاسیدا رەنگدانەوەی هەبووە و شێواندنی مێژووی پێکهێنانی نەتەوە و دەوڵەت ـ نەتەوە لە لایەن مێژوونووسی ناسیۆنالیستییەوە بە سروشتی ئادیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم دەبەستنەوە. دوایین رەنگدانەوەشی لە لای ئێریک هۆبزباوم دەردەکەوێت لە لێکۆڵینەوەی نەتەوە و نەتەوەخوازی لە ساڵی ١٨٧٠، کە دەڵێت:

من ناتوانم هیچی تری بخەمە سەر جگە لەوەی {بڵێم} هیچ مێژوونووسێکی جیدی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ناتوانێت ناسیۆنالیستێکی لە رووی سیاسییەوە پابەند بێت، مەگەر ئەوەی وەک باوەڕداران بە حەقیقەتی رەهای کتێبی پیرۆز کە بە هۆی بێتواناییان لە بەشدار بوون لە تیۆرێکی تەکاملیدا، لە بەشداری لە ئارکیۆلۆژیا و فیلۆلۆژیای زمانی سامیدا بێبەش ناکرێن.

ئیتر ئەمە زۆر بەربڵاوە کە گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیزم گوتارێکی سابجێکتیڤ و ئایدیۆلۆژیکە، ئەم تایبەتمەندییەش بێگومان کاریگەری لەسەر نواندنەوەی رابردوو دەبێت. ناسیۆنالیستەکان مێژووی نەتەوەکەی خۆیان دەنووسنەوە بۆ ئەوەی رەوایەتی(مەشروعییەت)ی ئامانجەکەی خۆیان بسەلمێنن. کەواتە، بەو مانایەی لە سەرنجەکەی هۆبزباومدا ئاماژەی پێدراوە، مێژوونووسیی ناسیۆنالیستی بابەتی نییە و ناشتوانێت بابەتی بێت. بەڵام پابەندبوونی سیاسی و بەهەڵە نواندنی ئایدیۆلۆژیکی "راستی مێژوویی"ش بە شێوەیەکی تایبەت تاوانی کەسی ناسیۆنالیستی تیادا نییە. {هەڵبەت} سۆسیالیست و لیبراڵە پابەندەکان بە بازاری ئازادیش هەن کە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و دەوڵەتە بۆرژوازییەکان دەنووسنەوە: ئەوانیش رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە، بەڵام رەوایەتی(مەشروعییەت)ی ئیرادە و دامەزراوەکەیان زۆر بە کەمی دەچێتە ژێر پرسیارەوە.

کەواتە ئەی ئەوە چییە ناسیۆنالیزمی کردووە بە جێی رق و قین لە مێژوونووسی مۆدێرندا؟ هۆبزباوم لە هەمان وەرگرتەدا ئاماژە بە تایبەتمەندییەتییەکی ناسیۆنالیزم دەدات و دەڵێت: "ناسیۆنالیزم داوای باوەڕێکی زۆر دەکات بەو شتەی کە لە راستیدا وا نییە." (ە.س. لا: ١٢). ئەمە ئاماژە بە خەسڵەتی ساختەبوونی بابەتی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی، واتە نەتەوە، دەدات، کە وەک هێزێکی دیاریکراوی پێشینی کە بوونی دەکەوێتە پێش بوونی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت نەتەوە. مێژوونووسی ناسیۆنالیستی مێژوونووسییەکی هەڵخەڵێتێنەرە، کە بە پێی بانگەشەکان، داواکان و چالاکییەکانی بابەتێکی ساختە، کە ئەسڵێکی ئەفسانەیی هەیە، نووسراوەتەوە. بە پێی بۆچوونی هۆبزبازم "ئەوە نەتەوەکان نین کە دەوڵەتەکان و ناسیۆنالیزمەکان دەهێننە ئاراوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە {ئەوە دەوڵەتەکان و ناسیۆنالیزمەکانن کە نەتەوە دەخوڵقێنن}". گێلنەریش سەبارەت بە سروشتی ساختەی بابەتی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی لەگەڵ هۆبزباومدا هاوڕایە:

نەتەوە وەک شێوازێکی سروشتی بۆ پۆڵێنکردنی مرۆڤەکان، کە لە لایەن خواوە بەخشرابێت و وەک چارەنووسێکی سیاسی کە {دەرکەوتنی} زۆر دواکەوتبێت تەنها ئەفسانەیە، ناسیۆنالیزم، هەندێکجار کلتوورەکانی پێش زەمەنی ئێستا دەهێنێت و دەیانکات بە نەتەوە، هەندێکجاریش خۆی کلتوور دادەهێنێت، هەرچەندە بە زۆری کلتوورەکانی پێش ئێستا دەسڕێتەوە: ئەمە راستییەکەیە، جا پێمان خۆش بێت یان نا... (٩ ـ ٤٨: پ.لا، ١٩٨٨).

وەک دیارە ئامانجی سەرەکی زۆربەی ئەو رەخنە هاوچەرخانەی رووبەرووی گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیستی دەکرێنەوە لەسەر سروشتی ساختە و مشتومڕاوی بابەتی ئەم گوتارە {واتە نەتەوە}ن. لێرەدا، من نامەوێت پرسیار بخەمە سەر راستی و دروستی ئەم رەخنەیە، یان باسی بایەخی سیاسی و

میتۆدۆلۆژی ئەم رەخنەیە بکەم. ئەگەرچی ئەو بۆچوونە رەخنەهەڵنەگرە کە نەتەوە دروستەیەکی سیاسی مۆدێرنە، نەک دێرینەیەکی سابجێکتیڤ. بەڵام وەک ئاشکرایە، دروستەی مەفهوومی و ریوایەتی گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیستی بە قورسی پشت بە بە ـ مێژوویی کردنی ئەم بابەتە ساختەیە دەبەستێت. بەم مانایەش گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیزم تەنها بە ـ هەڵە ـ نواندنی واقع نییە، بەڵکو بە ـ هەڵە ـ وێناکردنیشییەتی. ئەم گوتارە هەم لە رووی مەفهوومی و هەمیش لەرووی واقیعییەوە هەڵەیە، بەڵام ئەم هەڵەیە زەرووریيە. ئەم هەڵەیە ستراتیژێکی بەڵگەکارانە بۆ ئاوەژووکردنەوەی پێوەندی هۆیەتی ( ـ causalityعلیت)ی نێوان نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەستەبەر دەکات، کە پشتگیری بانگەشەی ناسیۆنالیستی بۆ دەسەڵات دەکات.

بیرکردنەوەی مۆدێرنیست ـ کۆنستراکشنیستی بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم رەخنەیەکی توند و رەق لە شێوازی بیرکردنەوەی پرایمۆردیاڵەکان و ئەتنییەکان دەگرێت و مەیلی ئەوان بۆ دەسەڵاتداریێتی بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ مێژووی ناسیۆنالیستی و لەگەڵ ئەویشدا باوەڕپێکراوێتی فیکری ئەوان هەڵدەوەشێنێتەوە. رەخنەی کۆنستراکشنیستی کە لە رێگەی "فاکت"ی مێژووییەوە رووبەڕووی بانگەشە ناسیۆنالیستییەکان دەبێتەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر توێژینەوەکانی بواری ئەتنیک و ناسیۆنالیزم و شوناسی نەتەوەیی هەبووە: ئەمە جیا لەوەی بەرگریمانە (presupposition) تیۆرییەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێن، بە تایبەتی شێوازی توێژینەوەیان لە باوەڕپێکراوێتی گوتاری ناسیۆنالیستی. بەستنەوەی گوتاری ناسیۆنالیستی بەو بەستێنەی تیایدا سەریهەڵداوە بە مەبەستی سەلماندنی نادروستی ئەم گوتارە و نەگونجانی لەگەڵ فاکتە مێژووییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت: بەڵام ئەم بەستنەوەیە بە بەهای چاوپۆشیکردن لە کۆمەڵێک {بابەتی} تیۆری و مەفهومی. چونکە ئەم شێوازە لە تاقیکردنەوەی راستی و دروستی گوتار، لەگەڵ کاریگەریەتیشیدا، بە شێوەیەکی رەها پشت بە چەمکی ئەزموونگەرایانە بۆ فاکت دەبەستێت، کە ئەویش بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ فاکتدا دەکات وەک ئەوەی دیاری کراو بێت و لەگەڵ ئەوە راستییەی کە خۆی مانای دەداتێ یەک بێت. ئەم شێوازە {واتە بەستنەوەی بەستنەوەی گوتار بە بەستێنی مێژووییەوە} ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەربێتو بنەما مەعەریفەناسییەکانی لەگەڵ یەکدیدا نەگونجێن و بە مانایەکی دیکە ناکرێت لەهەمبەر رەخنەکاندا بەرگرییان لێبکرێت. پێوەری مێژوویی ناتوانێت باوە ڕپێکراو بێت گەر فاکتەکانی ئەویش لە دروستەیەکی ئاڵۆز و بەڵگەکارانەدا بن، هەر بۆیەش راستی و دروستی ئەوان لە بابەتی نوسینی مێژوویی ناسیۆنالیستی زیاتر نییە .

بنەمای هزریی و ئەزموونگەرایانەی رەخنەی کۆنسراتشنیستی مۆدێرن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی جەوهەرگەراییەکی دیکە و لوغراوتری لێدەکەوێتەوە: ئەویش جەوهەرگەرایی سابجێکنیڤیتەی مێژووییە کە مانای خۆی لە سەرمایەداری و مۆدێرنیتە وەردەگرێت . چونکە گەڕانەوە بۆ فاکت وەک ئۆبجێکت و ئامرازی هەڵسەنگاندنی راستی و دروستی گوتاری ناسیۆنالیستی، ئەم گوتارە کورت دەکاتەوە بۆ رەنگدانەوەیەکی رووتی دەرکەوتنی سەرمایەداری و مۆدێرنیتە، واتە وەک دەرکەوتەیەکی ئایدیۆلۆژی ئەم پرۆسە مێژووییە دیاریکراوە دەیبینن. هۆبزباوم، بۆ نموونە، ئەم گوتارە کورت دەکاتەوە بۆ

ڕیتۆریکایەکی ئایدیۆلۆژی ڕووت کە تەنها ئامانجی بەڵگەهێنانەوەیە بۆ دۆکترینی سەروەری گشتی، کە لە پرۆسە و چالاکییە دیموکراتیکەکانی کاپیتالیزمی نوێدا شکلی گرتووە (بڕوانە هۆبزباوم، ١٩٩٢). گیلنەریش، بە هەمان شێوە، پێیوایە گوتاری ناسیۆنالیستی بەر لە هەموو شتێک دۆکترینی مەشروعییەتە کە لەگەڵ ئەو پرۆسە سیاسی و فەرهەنگییانەدا دەگونجێت کە مۆدێرنیتە و پیشەسازی هێناویەتە ئاراوە، کاتێکیش لە کۆمەڵگایەکدا دێتەئاراوە کە ئەو مەرجانەی تیادا نییە یانیش مەرجەکان لە سەرتای پەیدابوونیاندان، ئەوە ئەنجامەکان پێچەوانە دەکەونەوە. هەردووک ئارگومێنتەکان (واتە هی هۆبزباوم و هی گیلنەریش)، کە ڕیشەیان لە ناو تیۆری مارکیسیتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و لە تیۆری مۆدێرنیزاسیۆندایە، کورتکردنەوەخواز (reductionist)ن .

خاڵی هەرە گرنگ لە ئارگیۆمێنتی مندا ئەوەیە کە ڕەخنەی هزریی ئەزموونگەرایانەی کۆنستراکشنیستی مۆدێرن لە گوتارە ناسیۆنالیستی خاڵی کۆتایی دەخاتە بەردەم ئەم گوتارە، هەر بۆیەش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگە لە هەر شێوە ڕیوایەتێکی مێژووخوازنەی گوتاری ناسیۆنالیستی دەگرێت. نمونەش بۆ ئەمە دارشتنی چەمکی شوناسی نەتەوەییە، کە لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا هەڵگری ماف و ئەرکەکانە . چەمکی کۆنستراکشتنیستی بۆ شوناسی نەتەوە چەمکێکی کورتکردنەوەخوازە: ئەم چەمکە شوناسی نەتەوەیی لەوەدا کورت دەکاتەوە کە دەرەنجامی بانگەشەی ناسیۆنالیستیە بۆ ئەسڵێکی یەکدەست (ئەفسانەیی)، واتە لە پێکهاتەیەکی زەینیدا کە کاپیتالیزم و مۆدێرنیتە دروستیان کردووە، کە شوناسێکە هەڵگری ماف و ئەرکە و ئەم ماف و ئەرکەش پرۆژەی ناسیۆنالیستی پێناسە دەکەن. ئەوە ئاشکرایە کە بە ڕای کۆنستراکشنیستەکان پرۆژەی ناسیۆنالیستی پرۆژەیەکی تەواو مۆدێرنە: ئەم پرۆژەیە وابەستەیە بەو پرۆسە و چالاکییە سیاسی و کلتوورییانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەستن بە کاپیتالیزم و مۆدێرنیتەوە. بەڵام، خاڵی بەرباس ئەوەیە کە لە کاتێکدا بە لای ئەنتیکگەراکانەوە شوناسی نەتەوەیی لە ئەسڵێکی ئەتنی یەکدەستەوە سەرچاوە دەگرێت کە دیاریکراوە و هەمیشە لە مێژوودا ئامادەیە، چەمکی کۆنستراکشنیستەکان شوناسی نەتەوەیی لە ئەسڵێکی ئەفسانەییدا کورتدەکاتەوە کە بە هۆی کاپیتالیزم و مۆدێرنیتەوە دامەزرێنراوە. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا شوناسی نەتەوەیی هیچ سەربەخۆییەکی هۆکارانەی نییە: واتە دەرەنجام یان گوزارشتی ئەمری حەقیقی یان ئەسڵێکی نەتەوەیی گریمانەکراوە. {هەر بۆیەش} کورتکردنەوەخوازی چەمکی کۆنستراکشنیستیش تێکهەڵکێشانی گوتاری شوناس و گوتاری ئەسڵی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی بیروبۆچوونی ئەوان لەسەر ئەسڵی نەتەوە لە بنەرەتدا جیاوازە لەوەی کە ئەتنیکگەراکان بڕوایان پێیەتی.

کەواتە، ئەم ئارگۆمێنتە ئاماژە بەوە دەدات شێوازی بیرکردنەوەی کۆنستراکشنیست لە شوناسی نەتەوەییش مێژووگەرایە. چونکە لە دارشتنی چەمکی شوناسی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی بەرایی گریمانەی ئەوە دەکات کە گوتاری ناسیۆنالیستی لە هەلومەرجە مێژووییەکانی شکڵگیری ئەم شوناسەدا کورت دەبێتەوە. ئەم مێژووگەراییە، کە گوتاری ناسیۆنالیستی ڕووبەڕووی توندترین ڕەخنەکان دەکاتەوە، لە ئێپیستمۆلۆژی ئەزموونگەرایانەی {ئەم تێگەیشتنە} جیا ناکرێتەوە، ئەم دووانەش بەیەکەوە دوو ستوونی سەرەکی جەوهەرگەرایی کۆنستراکشنیستی پێکدێنن کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا .

شێوازی بیرکردنەوەی کۆنستراکشنیستی ناتوانێت ناسیۆنالیزم وەک گوتاری ئەسڵ لە ناسیۆنالیزم وەک گوتاری شوناس جیا بکاتەوە. {چونکە} ناسیۆنالیزم وەک گوتاری شوناس ناکرێت لە گوزارشتکردنی ئەسلێکی ساختەدا کورت بکرێتەوە، واتە ناکرێت وەک ئەفسانەیەکی نەتەوەیی کە لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا بە مێژوویی کراوە سەیر بکرێت. ئەگەرچی شوناسی نەتەوەیی بیرۆکەی ئەسڵیش لەخۆدەگرێت، بەڵام پێگەی ئەم بیرۆکەیە لە ناو گوتارەکەدا بە هۆی کۆمەڵێک ستراتیژەوە جیا لە بە ـ مێژووییکردن دیاری دەکرێت. واتە، بیرۆکەی ئەسڵ لە شوناسی نەتەوەییدا دەکەوێتە پێوەندییەکی زۆر ئاڵۆز و گۆڕاو لەگەڵ شوناسە نەتەوەییەکانی تر کە لەسەر وەدەستهێنانی هەژموون رکابەری دەکەن. ئەم پێوەندییە لەگەڵ "ئەویتر" ئاماژە بە رۆڵی سەرەکی "جیاوازی" لە بیناکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەدات. کەواتە، گەربێتو نەکرێت شوناسی نەتەوەیی لە ئەسڵێکی دیاریکراو و سروشتی(واتە پرایمۆردیال/ ئەتنیکی)دا کورت بکرێتەوە، ئەوە بە هەمانشێوە ناشکرێت بە دەرەنجامی بابەتی ستراکتۆرەکانی پیشەسازی کاپیتالیزم و کەلتووری مۆدێرن بزانرێت.

گوتاری ناسیۆنالیستی گوتاری ئەسڵ نییە، جا ئەم ئەسڵە دیاریکراو بێت یان بنیاتنراو. گوتاری ناسیۆنالیستی لەبنەڕەتدا گوتاری شوناسە کە تیایدا بانگەشەی گشتی بۆ سەروەری دەخرێتەڕوو. شوناسی نەتەوەیی لە پەیوەندی "ئەو ـ بوون" (otherness) دروست دەبێت لەگەڵ ئەو شوناسانەی لە ئارادان و ئەو شوناسانەی لە دەرکەوتندان، واتە لە ناو سیستەمێک لە جیاوازییەکان لەگەڵ "ئەویتر"دا، و لەوێدا یەکێتییە ناوخۆییەکەی لە دەرەوەوە هەڕشەی لاوازکردنی لێدەکرێت. ئەم پێناسەیە بۆ گوتاری ناسیۆنالیستی وەک چەقی بانگەشەی سەروەری گشتی ئاماژە بە بایەخی مۆدێرنیتە و دەستکەوتەکانی دەدات، بە تایبەتیش دامەزراوەی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن و تیۆری دێمۆکراتیک لە دامەزراندنی شوناسی نەتەوەیی مۆدێرندا: شوناسی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا بەستراوەتەوە بە سەروەری سیاسییەوە. کەواتە گوتاری ناسیۆنالیستی گوتاری مافە کە تیایدا سەروەری وەک بنەما لەقەڵەم دەدرێت. ناسیۆنالیزم، وەک گوتاری ماف، زەمانی نمونەیەکی ئایدیاڵ لە دەوڵەت نەتەوە دەکات، کە تیایدا هەموو هاوڵاتیان ئەندامی کۆیەتی نەتەوەیین. دەوڵەت نەتەوە، لە خۆیدا هەلومەرجێکە بۆ وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکان و سنوورەکانی بە هۆی پەیوەندییە ئەتنیکییەکانەوە دیاردەکرێن. لە راستیدا پێوەندی نێوان سنووری سیاسی و ئەتنیکییەکانی دەوڵەت رۆڵی جەوهەری دەبینن لە مەشروعییەتی بیرۆکە ناسیۆنالیستی و دەوڵەتی نەتەوەیی. پێوەندی نێوان گوتاری ناسیۆنالیستی و تیۆری دیموکراتیک ئاماژە بە بوونی کۆمەڵێک مەرجی بەرگریمانەکراو دەدات بۆ دامەزرانی شوناسی نەتەوەیی، لە نێوان هەمووشیاندا جیاکردنەوەی پانتایی گشتی و تایبەت و دەرکەوتنی فەزایەک کە بە کۆمەڵگای مەدەنی ناسراوە.

کۆمەڵگای مەدەنی ناوەندی سیستەمەکانی جیاوازی و دەلالەتەکانە کە تیایدا بابەتی گوتاری ناسیۆنالیستی دەستنیشاندەکرێت: کۆمەڵگای مەدەنی پێناسەی پرۆسە و هەلومەرجە ناوخۆییەکانی بیناکردنی شوناسی نەتەوەیی دەکات. یەکەم شت، کۆمەڵگای مەدەنی ئەو سنوورانەی پانتایی تایبەت (private sphere) لە پانتایی گشتی (public sphere) جیادەکەنەوە دیاریدەکات، هەروەها پەیوەندی

نێوان خود و ئەویتر دەستنیشان دەکات، لەوێشەوە، ئەو هۆکارە سەرەکییانەی ناو کۆمەڵگا کە لە بیناکردنی شوناسی نەتەوەیی لە ناو کۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەیە دەستنیشان دەکات. دووەم شت، ئەو سنوورانە جێگیر نین: بەڵکو سوژە دەگوازنەوە بۆ ناو ئەو گۆڕانەی لە هاوسەنگی هێزەکانی ناو کۆمەڵگادا ڕوودەدات، واتە ئەو گۆڕانەی دەبێتە پاڵپشتی پێوەندی گۆڕاوی نێوان خود و ئەویتر و خەسڵەتی جەوهەریی ناجێگیری شوناسی نەتەوەیی دیاریدەکات.

بێگومان، ناسیۆنالیستەکان دژی خاڵی دواییین. خەسڵەتی ناجێگیرێتی شوناسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بەهێز لە گوتاری نەتەوەیی ناسیۆنالیستیدا ڕەتدەکرێتەوە، چونکە ئەم خەسڵەتە لەدژی لۆژیکی بانگەشەی ناسۆنالیستی بۆ دەسەڵات دەوەستێت. بەڵام ئەو ڕاستیەی شوناسی نەتەوەیی لە جیاوازی پێکهاتووە بەو مانایەیە کە "ئەویتر بۆ هەمیشە" لە ناو شوناسی نەتەوەییدا "جێی خۆشکردووە"، ئەویش بە بەردەوام لە هەلومەرجی ڕەتکردنەوەی ئەو ئەویترە دەگەڕێت بۆ ئەوەی بە هۆیەوە جەخت لەسەر خۆی بکاتەوە و خۆی بسەلمێنێت. ڕەتکردنەوەی ئەویتر وەک مەرجی سەلماندنی "خود" بەشێکی زاتییە لە گوتاری ناسیۆنالیستی. گوتاری ناسیۆنالیستی جیاوازی دەکاتە ئامانجی {هێرشەکانی} خۆی و لە ڕێگەی گۆڕینیان بۆ ئەو ـ بوون (otherness)، هەموو جۆرە جیاوازییەکی ئەتنیکی، کەلتووری و دواجار نەتەوایەتی ڕەتدەکاتەوە. بیناکردنی جیاوازی وەک ئەو ـ بوون ستراتیژێکی هۆکارانەیە لە ناو گوتاری ناسیۆنالیستی و هاوکات لەگەڵ سیاسەتی سەلماندنی "خود" دێت. بەم شێوەیەش دەرکەوتنی "کەلتووری نەتەوەیی" وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی یەکێتی زاتی و سەقامگیری شوناسی نەتەوەیی ڕۆڵ دەبینێت: لەوێشەوە لە پەرەپێدانی گوتاری مێژووییدا کە نوقمی ڕەچەڵەکناسی نەتەوە بووە ڕۆڵ دەبینێت.

گەرچی لەوانەیە ئەم تێبینییە تیۆرییانە بە شێوەیەکی گشتی بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەلومەرجەکانی بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی بەکاربهێنرێن، بەڵام ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی چەمکی سەروەری گشتی لە ستراکتۆری مەفهومی دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیدا دەیبینێت ئاماژە بەوەش دەکات کە بنیاتنانی شوناسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی بەرایی کۆمەڵێک هەلومەجی هۆکارانەی جیاواز گریمانە دەکات. ئەگەر وردتر بدوێین، تیۆری دیموکراتیک ڕۆڵێکی سەرەکی لە بنیاتنانی شوناسی نەتەوەییدا دەبینێت. لە ڕاستیدا، تیۆری دیموکراتیک ڕۆڵێکی بە سوود دەگێڕێت لە لە گۆڕینی شکڵی "جیاوازی" بۆ "ئەو ـ بوون" لە پرۆسە سیاسی و کەلتوورییەکانی سەلماندنی "خود"ی نەتەوەیی. ئەمەش لەوێوەیە ، چەمکی سەروەری گشتی و هاوڵاتیبوونی دیموکراتیک دوو ڕێکخەری سەرەکی پێوەندی گۆڕاوی نێوان {پانتایی} تایبەت و گشتین لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی گوتاری ناسیۆنالیستیدا (بە ناسیۆنالیزمی دژبەر و ڕەسمیشەوە) کە گوتاری ناسیۆنالیستی ناسیۆنالیزمی دژبەر پێش و ناسیۆنالیزمی ڕسمی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت. لێرەدا پێویستە ئەم خاڵە زیاتر ڕوونبکرێتەوە.

پەیوەندییەکی نزیک بەڵام ئاڵۆز لە نێوان گوتاری ناسیۆنالیستی و تیۆری دیموکراتیکدا هەیە. ئەم ئاڵۆزییە لە نووسینی هاوچەرخ لەسەر ناسیۆنالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئاماژەی پێدراوە، هۆی ئاڵۆزییەکەش بە زۆری بۆ خەسڵەتی تایبەتی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، وەک ئایدیۆلۆژیایەکی مۆدێرن و لە بنەڕەتدا جەماوەرگەرا و خاوەن سترۆکتۆرێکی مەفهومیی کۆن،

دەگهڕێتەوە. تا رادەیەک بە کەمی باسی بەشداری تیۆری دیموکراتیک لەم ئالۆزییە بەردەوامە و دەرەنجامە پێچەوانەکانی ئەم ئالۆزییە لە گەشەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی لە ناو دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا کراوە، کە بە پێی دەستوور سەروەری گشتی و هاووڵاتیبوونی دیموکراتیک بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە کاتێکدا چەمکە رێساییەکانی شوناس و هاووڵاتیبوون کە پێوەندییان بەم دۆکترینەوە هەیە بۆ ئەو جیاوازییە ئەتنی و رەگەزی و جێندەرییانەی لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەدا هەن دەست نادەن، باڵادەستی وەک سیمایەک لە سیماکانی قەوم یان رەگەزی باڵادەست دەمێنێتەوە کە هەر رەگەزی ئەویش سنوورەکانی هاووڵاتیبوون لە ناو حوکمڕانیدا دیاری دەکات. چەمکە رێساییەکانی هاووڵاتیبوون "ئەویتر"، {واتە} شوناس/جیاوازییە ئەتنی و رەگەزی و جێندەرییەکانی ناو سنوورە سیاسییەکانی دەوڵەت، کە هەرەشەی تێکدانی یەکێتی و ناسەقامگیرکردنی زاڵبونی هەژموونی{لایەنی} "باڵادەست" دەکەن، رەت دەکەنەوە .

ئەم خاڵە بە تایبەتی لە حاڵەتی دەوڵەتە مۆدێرنە فرە ـ ئەتنی و فرە ـ کەلتوورییەکاندا گرنگە، کە تیایاندا چەمکی رێسایی هاووڵاتیبوون، لە رێگەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی شوناسی باڵادەست وەک قەومییەتی زاڵ، هەلومەرجەکانی سەروەری گشتی دیاریدەکات. ئەم سیمایانەش سنوورەکانی نەتەوە دیاری دەکەن، بەو مانایەی دەبنە ئامراز یان مەرجی ئەندام بوون یان نەبوون لە ناو نەتەوەکەدا. بە واتایەکی تر، مەرجە یاسایی ـ سیاسییەکانی "ئەویتر ـ بوون"ی قەومییەتە نا ـ باڵادەستەکان لە ناو چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوەدا دیاری دەکەن. چونکە ئەو شوناسە نەتەوەیییەی {لەم پرۆسەیە} دەکەوێتەوە دەبێتە چەقی ماف و بەرپرسیارییەتییەکان کە لەسەر قەومی زاڵ وەک قەومی باڵادەست بەندە، لەوێشەوە شوناسە قەومی و نەژادی و کەلتوورییەکانی دیکە کە وەک نا ـ نەتەوەیی و مەترسیدار لەقەڵەم دەدرێن {لە خۆی} دەردەکات/رەتدەکاتەوە. ئەم پرۆسەیە لە لایەن خۆیەوە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پانتایی گشتی و تایبەتی لە دیسکۆرسی (ناسیۆنالیستی) رەسمیدا لێدەکەوێتەوە. پانتایی گشتی یەکسان دەکرێتەوە بە پانتایی "نەتەوەیی" کە سنوورەکانی بە هۆی پێوەندییە قەومییەکانی {قەومییەتی} زاڵ/باڵادەستەوە دیاری دەکرێن. لە لایەکی دیکەوە، پانتایی تایبەت هەموو شوناسە نا ـ نەتەوەیی/نا ـ باڵادەستەکان لەئامێزدەگرێت، کە دەرکەوتنیان لە پانتاییەکی گشتی وەک ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، وەک دەستدرێژیەکی تێکدەرانە یان وەک هۆکارێکی تێکدەر بۆ سەقامگیری شوناسی نەتەوەیی/باڵادەست پێناسە دەکرێن.

دەکرێ ئەم خاڵە تیۆریانە لە داوبەشی ئەم وتارەدا سودبەخش بن بۆ خستنەڕووی مەرجە بەراییەکانی شکلگرتنی شوناسی کوردی. {لە دوا بەشدا} ئەوە پیشاندەدەین کە ئەو پرۆسە و پراکسیسە سیاسی و کلتوورییانەی بزووتنەوە سەرکەوتووە ناسیۆنالیستییەکان و دەوڵەتە نەتەوە دەرکەوتووەکانیان لە تورکیا و ئێران و عێراق دامەزراندووە لە پاش شەڕی جیهانی یەکەم رێگە خۆش دەکەن بۆ دەرکەوتنی شوناسی نەتەوەیی کوردی لە هەر سێ ئیقلیمی کوردنشینیاندا.لە نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان و ناسیۆنالیزمی رەسمی ئەم سێ وڵاتەدا کە لە پێناو شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵاتی تۆتالیتاری و کلتووری سیاسی هەژمونگەرادا دامەزرابوون، جیاوازی لە فۆرم و تایبەتمەندییەکاندا هەیە. {جیا لەمە} دینامیکی

ستروکتۆری ئەم دەوڵەتە نەتەوەییانە ئاراستەی جیاوازی مۆدیرنیزاسیۆن و گەشەی جۆراجۆراوجۆریان بەخۆوە بینیوە، {کە ئەمەش} کاریگەری جۆراوجۆری لەسەر رەوتی گشتی و مەرجە بەراییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی لە هەر سێ وڵاتی پەیوەندیداردا هەبووە. شوناسی کوردی مۆرکی ئەو جۆراجۆربوونە سیاسی و کلتورییەی ئەویتری هەڵگرتووە: لەوێشەوە هەر لەسەرەتای چەقەرەبەستنیەوە پارچەپارچە بووە.

**بنیاتنانی ناسیۆنالیستیی مێژووی کوردی**

بەرلەوەی بێمەوە سەر ئەم بابەتانە، دوو هەوڵی سەرەکی بۆ بنیاتنانی مێژوو و شوناسی کوردی وەبەرچاو دەگرم. کارەکانی محەمەد ئەمین زەکی و جەمال نەبەز، کە بە کوردی و زاراوەی سۆرانی نووسراون و دوو شێوازی بیرکردنەوەی جیاواز لە گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیستیمان وەک نموونە دەخەنە بەردەست. جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوازە بیرکردنەوەیە کاریگەرییەکانی دیسکۆر و پراکسیسە سیاسییەکانی تر لەسەر بنیاتنانی ئەسڵ و رەچەڵەکی نەتەوەی کورد لە لای هەرکام لەم دوو نووسەرە دەردەخات. ئەمە جیا لەوەی ئەم جیاوازییە کاریگەرییە سەرەکییەکانی مەرجە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە زاڵەکان لەسەر خستنەڕووی پرۆژەی ناسیۆنالیستی لەلای هەرکام لە نووسەرەکان ئاشکرا دەکات، کە دەکرێت لە نێوانیاندا بە تایبەتی ئاماژە بە دۆخی گوتار و پراکسیسی ناسیۆنالیستی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان و دیاسپۆرا بدرێت. بەرهەمەکەی زەکی لە تێگەیشتندا لیبراڵە، کە پێوەندییەکی لەرزۆکی لەگەڵ تیۆری دیمۆکراتیک و دۆکترینی سەروەری گشتیدا هەیە. ئاشکرایە پرۆژەی ناسیۆنالیستی ئەمین زەکی، لە کاتێکدا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەریتانیەکان لە عێراق و لەسەرەتاکانی دەسەڵاتی هاشمی لەم وڵاتەدا نووسراوە، کلتووری و ئۆتۆنۆمیستە. هەڵسەنگاندنەکانی لە سەرهەڵدان و کەوتنی بزووتنەوە کوردییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە گومانی بۆ ناهێڵێتەوە کە داوای سەربەخۆیی لەگەڵ هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا تەبا نییە. لە لایەکی دیکەوە جەمال نەبەز، وەک بەشێک لە دیاسپۆرای کوردی لە رۆژئاوا کە رووی لە زیادبوون بووە، لە دوورەوڵات دەنووسێت، کوردەکانی دیاسپۆراش لەسەرووی هەموو شتێکەوە شکستە یەک دوای یەکەکانی بزووتنەوە کوردییە ئۆتۆنۆمیست و پرۆژەکانی چوار دەوڵەتە باڵادەستەکان و بەرزبوونەوە توندوتیژییەکانیان لە بەرامبەر نارەزایەتی و ئۆپۆزیسیۆنیان بەرجەستە دەکردەوە. بنیاتنانی مێژووی کوردی لە لای جەمال نەبەز بیرۆکەیەکی ترانسێندێنتاڵ بۆ نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی لەخۆدەگرێت، ئەم بیرۆکەیەش رێگە خۆشدەکات بۆ پرۆژەیەکی سیاسی کە بە هۆیەوە هەموو شتێک جگە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستانی گەورە رەتدەکاتەوە. ئاشکرایە کە پرۆژەکەی نەبەز پشتگیری لە سەروەری گشتی دەکات، بەڵام جەختکردنەوەی بەردەوامی ئەو لەسەر تاکانە بوونی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردی و بیرۆکەی تەواو ئەفسانەیی ئەو بۆ ئازادی لە کارەکانیدا دژی رێساکانی تیۆری دیمۆکراتیک دەوەستێتەوە. بەڵام دەبێ جەخت لەسەر ئەوەش بکرێتەوە کە لە کارەکانی زەکی و نەبەزدا، سەرەڕای جیاوازییە مەفهومی و سیاسییەکان، کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیش هەیە. لە هەردووکیاندا دوو فاکتەری زاڵ هەن: توندوتیژی "شوناسی باڵادەست" کە لە لایەن دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی تورکیا و ئێران و عێراقەوە جێبەجێ دەکرێن، پاشان

گەشەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی بزووتنەوە کوردییەکان. کارلێکی ئەم دوو فاکتەرە لە ئاڵوگۆڕی مەفهومی گەشەی گوتاری مێژوویی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە.

بەرهەمەکەی محەمەد ئەمین زەکی یەکەم هەوڵی سیستەماتیکە بۆ بنیاتنانی مێژوویەکی ناسیۆنالیستی. زەکی لە ساڵی ۱۸۸۰ لە سلێمانی و وەک هاووڵاتیەکی دەسەڵاتی عوسمانی لە دایکبووە، ئەو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا ئەکادیمیای سەربازی بەغدا و ئەستەمبوڵدا دەرسی خوێندووە. لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەمدا، زەکی ئەفسەرێکی سەربازی عوسمانییەکان لە عێراق، یاریدەدەری مستەفا کەمال پاشا، فەرماندەی سوپای حەوتەمی عوسمانی لە سوریا بووە. ئەو، پاش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوری عوسمانی، لەگەڵ دەسەڵاتی بەریتانی لە عێراق دەکەوێت، لە ساڵی ۱۹۲۵دا یەکەم پۆستی حکومەتی وەردەگرێت، پاش سەربەخۆییش پلەکەیی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە. بەرهەمی هەرە کاریگەری زەکی، واتە خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان' لە دوو بەرگدا لە ساڵی ۱۹۳۱ و ۱۹۳۳ لە بەغدا چاپکرا.

لە یەکەم فەسڵی خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان'دا، زەکی باس لەو بارودۆخانە دەکات کە ڕێگەیان خۆشکردووە بۆ نووسینی ئەم کتێبە. ئەو {لە خۆی} دەپرسێت "چۆن ئەم کتێبەم نووسی؟" و بەم شێوەیە وەڵامی خوێنەر دەداتەوە:

پاش ئەوەی بیرۆکەی تورانی لە تورکیا جێگەی چەمکی گشتی عوسمانی گرتەوە، منیش وەکوو ئەندامانی هەموو میللەتەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەهێز شانازی و بەختەوەری خۆمم دەربڕی بەوەی ڕەگ و ریشەم لە ناو ئەم کۆمەڵگەیە (واتە کۆمەڵگای تورکی)دا هەیە، شانازی نەتەوەییش وای لێدەکردم هەستی خۆم لە هەموو بۆنە و دەرفەتێکدا دەرببڕم. بەڵام هیچم لەبارەی ئەسڵ و مێژووی نەتەوەکەم (واتە نەتەوەی کورد) نەدەزانی: ئەمەش لەبەر ئەوەی ئێمە پێشتر و لە خوێندنگا بەم بیرۆکەیە ئاشنا نەکرابووین، پاش تەواو کردنی خوێندنگاش هەستمان بە زەروورەتی لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد نەکردبوو.چەمکی کۆمەڵگای عوسمانی تا ڕادەیەک هەستی یەکێتی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی لە لای هەموومان لاواز کردبوو. هەربۆیەش زۆرجاران لە خۆمم دەپرسی: ئەسڵی نەتەوەیی کوردەکان چییە و {لە مێژوودا} چییان بەسەر هاتووە؟ (زەکی، بەرگی یەکەم، ل ۱).

کەواتە بە گوێرەی زەکی، نەمانی هەمەکییەتگەرای (یونیڤێساڵیزم)ی عوسمانی و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورکی دەرفەتی دەرکەوتنی نووسینی مێژوویی کوردی مۆدێرنی ڕەخساند. ئەم گۆڕانە سەرەکییە، کە ڕەوتی هۆشیاری بە ئەتنیک لە چنگی نەریتی پرایمۆردیاڵی ئیسلامی سیستەمی میللەت ئازادکرد، زەکیشی هانداوە بۆ ئەوەی بەدوای شوناسی کوردی خۆیدا بگەڕێت. بەم مانایەش نووسینی مێژووی کورد و کوردستان ئەوەندەی هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی ڕەچەڵەکی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەوەندەش ڕاهێنانی "هۆشیاری ـ بە ـ خۆ"یە .

بەڵام ئەم دوو پرۆسەیە بە هیچ شێوەیەک لە یەک جیا نین. هەردووکیان لە ناو گوتاری زەکیدا یەک ئەسڵ و خاڵی بۆ گەرانەوەیان هەیە: کە ئەویش دەرکەوتنی شوناسی نەتەوەیی یەکدەستی تورکییە کە

زۆر بە خێرایی شوێنی نەریتی هەمەکییەتگەرای عوسمانی لە گوتاری رەسمیدا دەگریتەوە. ئەم دەرکەوتنەش هۆی شاراوەی ریوایەتی مێژوویی زەکییە. بەڵام "هۆشیاری ـ بە ـ خۆ"ی زەکی وەک کوردێک، هەوڵی ئەو بۆ تێگەیشتن و پێناسەکردنی شوناسی کوردی خۆی و لەوێشەوە کاردانەوەی بەرامبەر دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی و شوناسی نەتەوەیی تورکی تەواو جیاوازە لە خود ـ ئاگایی کەسێک کە لە ژێر حوکمێکی کۆڵۆنیاڵیدا دەژی. بەپێچەوانەی کەسێکی کۆڵۆنیالیزەکراو، زەکی ئەو کاریگەرییە پێش ـ مێژوویی و ئایدیۆلۆژیانەی هەڵگرتبوو کە ناسیۆنالیستێکی تورکی هەیبوون. هەردووکیان {واتە هەم زەکی و هەمیش ناسیۆنالیستێکی تورک} چاکسازیخوازی عوسمانی بوون کە روانگەیەکی سێکولاریان هەڵگرتبوو، هەردووکیان مۆدێرن بوون و خوازیاری گۆڕین و سەرلەنوێ دارشتنەوەی شێوازی حکومەت لەسەر بناغەیەکی دیمۆکراتیک و نوێ بوون. بەڵام زەکیش وەک کەسێکی کۆڵۆنیالیزەکراو، لەو کاتەدا پەی بە شوناسی کوردی خۆی دەبات کە گریمانەی نۆرماتیڤ سەبارەت بە شوناسی ئەو رەتدەکرێتەوە، {واتە} کاتێک جیاوازییە ئەتنیکییەکان بۆ دامەزراندنی "ئەویتر ـ بوون" سوودیان لێوەردەگیرێت و دەبنە بنەمای ئایدیۆلۆژی سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەت لە تورکیای مۆدێرن

*****

١. ئەم خاڵە لە بەرهەمە کلاسیکییەکەی رینان "نەتەوە چییە؟" دایە کە لە ساڵی ١٨٨٢دا نووسراوە. بۆ دوایین وەرگێرانی ئەم بەرهەمە بڕوانە: Bhabha. (١٩٩٠)

٢. لە ناو هەموویاندا دەکرێت ئاماژە بەم ناوانە بدەین: ئەندێرسن (١٩٨٣)، گێلنەر (١٩٩٢)، هۆبزباوم (١٩٩٢)، نەیرن (١٩٨١).

٣. ئەم بابەتەم بە شێوەیەکی دوور و درێژتر لە کتێبی ئێرانی پێش سەرمایەداری: مێژوویەکی تیۆریک' (١٩٩٣) باسکردووە. بڕوانە دەروازە. هەروەها بڕوانە هیرست (١٩٧٩)، یۆنگ (١٩٩٣) بە تایبەتیش دەروازە و بەشی یەکەم.

٤. بۆ چەمکی ئەزموونگەرایی کە لەم وتارەدا کەڵکی لێوەرگیراوە بڕوانە Vali, op. cit.'. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ دەرەنجامەکانی ئەو نەریتە تیۆری و فەلسەفییانەی مەعریفە وەک جەوهەری ئەمری حەقیقی کە لە ناو فاکتدا بە شێوەیەکی دیاریکراو و بەڵگەنەویست ئامادەیە پێناسە دەکەن. ئەگەر بمانەوێ کۆی نەریتی فەلسەفی رۆژئاوایی پێش هایدگەر بە چڕی باس بکەین وەک ئەوەی دریدا وەسفی دەکات، دەتوانین بڵێین، بوونی ئەم بۆچوونە لە چەقی رەخنەی کۆنستراکشنیستەکان لە گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیستیدا، دژە ـ جەوهەرگەرایی ئەوان لە میتافیزیکای ئەمری حەقیقیدا کورت دەکاتەوە ـ واتە میتافیزیکای "بوو ـ موجود" وەک "حزوور". بۆ ئەم بابەتە بڕوانە دریدا (١٩٧٠). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم مەفهومەی ئەزموونگەرایی بڕوانە باسی دریدا سەبارەت بە بەرهەمەکانی کلاود لێڤی ـ شتراوس، کە لە چەندین بابەتی ئەم وتارەدا باسی دەکات، ئەم وتارەش یەکێک لەو وتارانەی زۆر برگەی لێوەردەگیرێت واتە 'Structure, Sign and Play' لە کتێبی Writing and Difference'دا (London ١٩٧٦).

٥. گێلنەر بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیزمی نووسیوە، جگە لە Nations and Nationalism‘(١٩٨٨) بەتایبەتی بڕوانە Thought and Change‘(١٩٦٤)، Culture, Identity and Politics‘(١٩٨٩). ئەو سەرچاوەیەی لەم وتارەدا پشتی پێبەستراوە Nations and Nationalism‘(١٩٨٨)ە.

٦. هانس کۆهن یەکەم کەس بوو کە لە کاریگەرترین کتێبی خۆی The Idea of Nationalism’دا ئاماژەی بەم خاڵە گرنگە دا.

٧. بۆ پەیوەندی زاتی نێوان مێژووگەرایی/جەوهەرگەرایی لەگەڵ ئەزموونگەرایی وەک فەلسەفەی حزوور بڕوانە دریدا (١٩٧٠، ١٩٧٦).

٨. هاف سیتن ـ واتسن لە یەکەم تیبینییەکانی خۆیدا دۆکترینی سەروەری گشتی وەک جەوهەر و بناغەی گوتاری ناسیۆنالیستی دەبینێت. بە بڕوای ئەو ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی تەنها ڕیۆتریکێکە بۆ بەلگەهێنانە بۆ ئەم دۆکترینە لە بەرامبەر نەتەوەدا. سیتن ـ واتسن، گەرچی بە شێوەیەکی کورتیش بێت، ئاماژە بە پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و دۆکترینی دیمۆکراتیک دەدات، بۆ ئەم ئاڵۆزییەش سەرزەنشتی سروشتی هیرەمی و تایبەتمەندی ناعەقڵانی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی دەکات. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە Nations and States‘(١٩٧٧) لە نووسینی سیتن ـ واتسن. لە لایەکی ترە هۆبزباوم بە شێوەیەکی دوور و درێژتر لەم پێوەندییە دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک بەڵگەی مێژوویی دەهێنێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ناسیۆنالیزم و تیۆری دیمۆکراتیک. ئەگەرچی گێرانەوە مێژووییەکانی هۆبزباوم ئاماژە بە ئاڵۆزی دۆکترینی سەروەری گشتی دەدەن، ئەم ئاڵۆزییانەی دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو ڕاڤانەی لە دۆخێکی ناسیۆنالیستیدا بۆ ئەم دۆکترینە کراون: واتە ئەو هۆی ئاڵۆزییەکە زیاتر بۆ سیاسەت دەگێڕێتەوە نەک دروستەی مەفهومی تیۆرییەکە.

٩. چەندین تیۆریستی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوچەرخ ئاماژەیان بە خەسەلەتی ریداکشنیستیی تیۆری دیمۆکراتیک داوە، بە تایبەتیش پێوەندی ئەم تیۆرە بە ڕەتکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزی، ئەتنیکی و نەژادییەکانەوە. بۆ نموونە بڕوانە تێرنەر (١٩٩٤)، بە تایبەتیش پێشەکی تێرنەر و ئەو نووسینەی هیندەس لە هەمان کتێبدا وەک بەشدار نووسیویەتی. هەروەها بڕوانە کۆنۆڵی (١٩٩١)، کالھون (١٩٩٤).

١٠. وەک دەگێڕنەوە زەکی تا کۆتایی ژیانیشی نەیتوانیوە بە تەواوی بە زمانی عەرەبی بدوێت. هەر بۆیەش کوردی و زمانی تورکی عوسمان وەک زمانە سەرەکیەکانی زەکی ماونەتەوە.

١١. ئەگەرچی ناسیۆنالیزمی تورکی توخمی کاریگەر و زاڵی سەر هزری سیاسی زەکی بووە، بەڵام وەکوو زۆربەی کەسانی خوێندەواری سەر بە نەوەی هاوچەرخی خۆی، زەکیش بە ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی ئاشنا بوو و وەکو داینامیکێکی سیاسی ناو کۆمەڵگای تورکی پێی کاریگەر بووە.